MONIHELI

# له خوێندنی بنەڕەتییەوە بۆ خوێندنەکانی ئاستی دووەم (ئامادەیی)


OmaPolku

# خوێندنی زۆرەملێ دوای خوێندنی بنەڕەتی بەردەوام دەبێت

مەرجی خوێندنی زۆرەملێ ئەوەیە کە خوێندکار دوای خوێندنی بنەڕەتی درێژە بە خوێندن بدات. خوێندن لە خوێندنی ئاستی دووەم درێژەی دەبێت. خوێندنی زۆرەملێ کاتێک کۆتایی دێت کە خوێندکارەکە تەمەنی دەبێتە ١٨ ساڵ یان کاتێک پێش ئەوە خوێندنی ئاستی دووەم تەواو دەکات.

خوێندنی زۆرەملێی دوای خوێندنی بنەڕەتی بەگشتی لە خوێندنی ئاستی دووەمدا تەواو دەبێت. لە فینلەندا خوێندنەکانی ئاستی دووەم کە لە دوای قوتابخانەی بنەڕەتی دێن بریتین لە خوێندنی ئامادەیی و خوێندنی پیشەیی.

جگە لەوەش دەتوانرێت خوێندنی زۆرەملێ لە خوێندنی ئامادەکاریدا بۆ قۆناغی هاوبەش تەواو بکرێت، وەک لە خوێندنی TUVA دا (خوێندنی ئامادەکاری بۆ بڕوانامە) و لەو خوێندنانەدا کە بۆ ئەرکمەندانی خوێندنی پەیمانگە میللیەکان ئاراستەکراون هەروەها لە خوێندنی بنەڕەتی بۆ گەورەساڵان. ئەو خوێندکارانەی کە پێویستیان بە پشتیوانی تایبەتی بەهێز هەیە دەتوانن داوا پێشکەش بکەن بۆ خوێندنی TELMA کە خوێندکار ئامادە دەکات بۆ کارکردن و ژیانی سەربەخۆ.



# خوێندنەکانی ئاستی دووەم لە دوای خوێندنی بنەڕەتی

## خوێندنی قۆناخی ئامادەیی لە قوتابخانەی ئامادەیی،جێبەجێ دەکرێت

لە قوتابخانەی ئامادەییدا وانەی ئامادەیی ڕۆشنبیری گشتی دەدرێت. خوێندنی ئامادەیی خوێندکارەکە بۆ هیچ پیشەیەک ئامادەت ناکات. دوای خوێندنی ئامادەیی، خوێندکار دەتوانێت بەردەوام بێت لە زانکۆ یان زانکۆی پۆلیتەکنیک. لە فینلاند ئەوانەی کە داوا بۆ زانکۆکان پێشکەش دەکەن بەگشتی بڕوانامەی ئامادەییان هەیە.

خوێندنی ئامادەیی بەزۆری سێ ساڵ دەخایەنێت. خوێندنەکە بەشێکی وانەی خوێندنی زۆرەملێن و بەشێکی خۆبژاردەیین. کەسیك کە خوێندنەکانی ئامادەیی تەواو دەکات بڕوانامەی دەرچوونی ئامادەیی وەردەگرێت.

لە کۆتایی قۆناغی ئامادەییدا، خوێندکار دەتوانێت بەشداری لە تاقیکردنەوەکانی بەکەلۆریا بکات. واتە لە بابەتە جیاجیاکانی خوێندندا تاقیکردنەوە ئەنجام دەدات. خوێندکارێک کە بەشداری لە تاقیکردنەوەکانی بەکەلۆریا دەکات تاقیکردنەوەی بەکەلۆریا تەواو دەکات (تاقیکردنەوەی دەرچوون لە قۆناخی ئامادەیی).

خوێندکارێک کە تاقیکردنەوەی بەکەلۆریای ئەنجام دابێت دەبێتە شایستەی درێژەدان بە خوێندنی گشتی. واتە دەتوانێت داوا پێشکەش بکات بۆ خوێندن لە زانکۆی پۆلیتەکنیک یان زانکۆی ئاسایی. تەواوکردنی بەرنامەی خوێندنی ئامادەیی بەبێ بڕوانامەی بەکەلۆریا شایستەیی دەدات بۆ داوای خوێندن لە زانکۆی پۆلیتەکنیکیدا بەڵام بۆ زانکۆی ئاسایی نا.

## بڕوانامەی بنەڕەتی پیشەیی لە خوێندنگەیەکی پیشەیی تەواو دەکرێت

بڕوانامەی بنەڕەتی پیشەیی لە خوێندنگەیەکی پیشەیی تەواو دەکرێت بڕوانامەکە ئامادەییە سەرەتاییەکان دەدات بۆ ئەرکەکانی ئەو بوارەی کە کاری لێ دەکرێت و بۆ دەستکردن بە کاسبکاری و ئەو کارامەییە پیشەییەی کە لە ژیانی کارکردندا پێویست دەبێت.

خوێندنی بڕوانامەی بنەڕەتی پیشەیی بەگشتی سێ ساڵ دەخایەنێت. بەشێک لە بڕوانامەکە خوێندنی زۆرەملێیە و بەشێکی ئیختیاریە. بڕوانامەی بنەڕەتی پیشەیی لە دەیان بواری جیاوازدا هەیە. لە سایتی ئینتەرنێتی ePerusteet لەبارەی هەر بڕوانامەیەکی بنەڕەتی باسی زیاتر هەیە.

خوێندکارێک کە تاقیکردنەوەی بەکەلۆریای ئەنجام دابێت دەبێتە شایستەی درێژەدان بە خوێندنی گشتی. دەتوانێت بە بڕوانامەی پیشەیی یان تایبەتمەندی پیشەیی زانیارییەکانی خۆی قووڵتر بکاتەوە یان داوا پێشکەش بکات بۆ خوێندن لە زانکۆی پۆلیتەکنیک یان زانکۆی ئاسایی. زۆرێک لە خوێندکارانی زانکۆی پۆلیتەکنیک سەرەتا بڕوانامەی پیشەییان تەواو کردووە و ئەزموونی کارکردنیان بەدەستهێناوە.

## بڕوانامەی دووانە بڕوانامەی پیشەیی بنەڕەتی و خوێندنی ئامادەیی تێکەڵ دەکات

لە ئاستی دووەمدا دەتوانرێت دوو بڕوانامە بەدەست بهێنرێت. دوو بڕوانامە واتە خوێندکار جگە لە بڕوانامەی خوێندنی پیشەیی بنەڕەتی وانەکانی خوێندنی ئامادەییش تەواو دەکات. هەروەها خوێندکار دەتوانێت بەشداری لە تاقیکردنەوەکانی بەکەلۆریا بکات و تاقیکردنەوەی بەکەلۆریا تەواو بکات (تاقیکردنەوەی دەرچوون لە قۆناخی ئامادەیی).

## دەتوانرێت بڕوانامەی بنەڕەتی پیشەیی بە گرێبەستی فێرکردنیش تەواو بکرێت.

لە گرێبەستی فێرکردندا زۆربەی ئەو وانانەی کە تایبەتن بە خوێندنی بنەڕەتی پیشەیی بەشێوازی کردەوەیی لە شوێنی کاردا جێبەجێ دەکرێن. خوێندکارەکە لە پەیوەندیی کارکردندا دەبێت و بێجگە لەوەش خوێندنی تیۆری لە قوتابخانەیەکی پیشەیی ئەنجام دەدات.

# خوێندنە ئامادەکاریەکان و بژاردەی تر پێش ئاستی دووەم

## خوێندنی ئامادەکاری بۆ خوێندنی بڕوانامە (TUVA)

TUVA کە خوێندنێکی ئامادەکارییە بۆ بڕوانامە، پێشمەرجەکانی خوێندکار بۆ تەواوکردنی بڕوانامەی ئاستی دووەم بەهێز دەکات. ئامانجی خوێندنی TUVA ئەوەیە کە خوێندکار بچێتە ئەو خوێندنەی ئاستی دووەم کە دەیەوێت، یان لە کاتی خوێندنی TUVA یان دوای ئەوە.

خوێندنی TUVA ئەوپەڕی ماوەی ساڵێک دەخایەنێت. لە ماوەی خوێندنەکەدا خوێندکار دەتوانێت نمرەکانی لە خوێندنی بنەڕەتیدا بەرزبکاتەوە و خوێندنی ئامادەیی و خوێندنی پیشەیی وەربگرێت و تواناکانی خوێندنی بەهێز بکات. خوێندکار مافی وەرگرتنی ڕێنمایی تایبەت بەخۆی و ڕێنمایی تری پێویستی هەیە بۆ تەواوکردنی خوێندنی TUVA.

**خوێندنی TUVA بۆ تۆ گونجاوە ئەگەر:**

- ئەرکی خوێندنی زۆرەملێت لە ئەستۆدایە.
- خوێندنی بنەڕەتی یان خوێندنێکی هاوتای بنەڕەتیت تەواو کردووە.
- پێویستت بە کاتێکی زیاترە بۆ هەڵبژاردنی خوێندنەکانی داهاتوو، دەتەوێت نمرەکانی خوێندنی بنەڕەتیت بەرز بکەیتەوە یان ئاشنای بژاردە جیاجیاکانی خوێندنەکانی داهاتوو بیت.
- دەتەوێت پێش ئەوەی بچیتە خوێندنی ئاستی دووەم، تواناکانی زمانی فینلاندی یان سویدی خۆت بەهێز بکەیت.
- تەمەنت هەژدە ساڵ بەسەرەوەیە، بەڵام هێشتا خوێندنی ئاستی دووەمت تەواو نەکردووە.

هەروەها بە خوێندنی TUVA دەوترێت خوێندنی قۆناغی هاوبەش. لە مانگی هەشتی ٢٠٢٢ بەدواوە خوێندنی TUVA جێگەی خوێندنەکانی قۆناغی هاوبەشی پێشوو دەگرێتەوە: پۆلی ١٠، LUVA و VALMA.

## خوێندنەکانی ساڵی پەیمانگە بۆ ئەوانەی ئەرکی خوێندنی زۆرەملێیان لە ئەستۆدایە

خوێندنی ساڵی پەیمانگە بۆ ئەوانەی ئەرکی خوێندنی زۆرەملێیان لە ئەستۆدایە، بۆ ئەو کەسانەیە کە ئەرکمەندی خوێندنی زۆرەملێن و خوێندنی بنەڕەتییان تەواو کردووە. لە خوێندنەکەدا خوێندکار دەتوانێت نمرەکانی لە خوێندنی بنەڕەتیدا بەرز بکاتەوە و خۆی بۆ خوێندنی ئاستی دووەم ئامادە بکات و بە دوای ئاراستەیەکدا بگەڕێت لە ژیاندا. خوێندنەکە لەلایەن پەیمانگەی میللیەوە ڕێکدەخرێت. خوێندنی ساڵی پەیمانگە بۆ ئەو کەسانەی کە ئەرکی خوێندنی زۆرەملێیان لە ئەستۆدایە یەک ساڵی خوێندن دەخایەنێت. خوێندنەکە بۆ هەمووان ناوەڕۆکی هاوبەش لەخۆدەگرێت و خوێندنەکان بەپێی ئارەزووی خوێندکارەکە هەڵدەبژێردرێن.

## خوێندنی بنەڕەتی بۆ گەورەتەمەنەکان (AIPE)

خوێندنیی بنەڕەتی بۆ گەورەتەمەنەکان AIPE خوێندنی ڕۆشنبیریی گشتییە. لە خوێندنیی بنەڕەتی گەورەتەمەنەکاندا، خوێندکار دەتوانێت بەرنامەی خوێندنی بنەڕەتی تەواو بکات و بڕوانامەی دەرچوونی خوێندنی بنەڕەتی وەربگرێت، نمرەی بڕوانامەی دەرچوونی خوێندنی بنەڕەتی بەرز بکاتەوە و بابەتەکانی خوێندنی بنەڕەتی تەواو بکات.

لە سەرەتای خوێندنی بنەڕەتی گەورەساڵاندا، خوێندکار پلانی خوێندنی تایبەت بە خۆی وەردەگرێت. پلانی خوێندنی تاکە کەسی بەپێی ئەوە دروست دەکرێت کە خوێندکار پێویستی بە چ جۆرە خوێندنێکە بۆ ئەوەی بگاتە ئامانجی خوێندنەکەی.

خوێندنی بنەڕەتی گەورەتەمەنەکان دوو قۆناغ لەخۆدەگرێت. خوێندنەکانی قۆناغی سەرەتا هاوتایە لەگەڵ وانەکانی پۆلەکانی ١- ٦. لە قۆناخی سەرەتادا خوێندکار بەهرەکانی خوێندنەوە و نووسین دەخوێنێت، ئەگەر ئەو بەهرەیەی نەبێت یاخود ناتەواو بێت. خوێندنەکانی قۆناغی کۆتایی هاوتان لەگەڵ وانەکانی پۆلەکانی ٧-٩ی خوێندنی بنەڕەتی.

قۆناغی سەرەتا و کۆتایی ١-٢ ساڵ دەخایەنێت. ماوەی خوێندنی بنەڕەتی بۆ گەورەساڵان تاکەکەسییە.

**خوێندنی بنەڕەتی بۆ گەورەساڵان گونجاوە بۆ تۆ ، ئەگەر:**

- تەمەنت ١٧ ساڵ یان زیاترە.
- پێویستت بە بڕوانامەی خوێندنی بنەڕەتی یان کارامەیی خوێندن هەیە بۆ ئەوەی بەردەوام بیت لە خوێندنی ئاستی دووەمدا.
- دەتەوێت نمرەکانی خوێندنی بنەڕەتیت بەرزبکەیتەوە یان یەکێک یان چەند بابەتێکی خوێندنی بنەڕەتی بخوێنیت.
- پێویستت بە خوێندنی قۆناغی سەرەتای خوێندنی بنەڕەتی هەیە، وەک بەهرەکانی خوێندنەوە و نووسین یان بیرکاری.

خوێندنی بنەڕەتی بۆ گەورەساڵان بۆ نموونە بۆ خوێندکارێک دەگونجێت کە لە قۆناغی کۆتایی خوێندنی بنەڕەتیدا هاتووە بۆ فینلاند و پێش ئەوەی تەمەنی ببێتە هەژدە ساڵ فریای ئەوە نەکەوتووە خوێندنی بنەڕەتی تەواو بکات.

## خوێندنی ئامادەکاری بۆ کارکردن و ژیانی سەربەخۆ (TELMA)

تێلما TELMA خوێندنی ئامادەکاری بۆ کار و ژیانی سەربەخۆیی، بۆ ئەو خوێندکارانەیە کە پێویستییان بە یارمەتیی تایبەت هەیە.  خوێندنی TELMA خوێندنێکی تایبەتە. لە خوێندنەکەدا ئەو بەهرانە دەخوێنرێن کە خوێندکار لە ماڵەوە و لە شوێنی کار و لە کۆمەڵگادا پێویستی پێیەتی. خوێندنەکە ئەوپەڕی سێ ساڵ دەخایەنێت.

# بەم شێوەیە داوا پێشکەش دەکەیت بۆ شوێنی خوێندن

## داوای گشتی بۆ خوێندنی دوای بنەڕەتی لە مانگی شوبات- ئازارە

داوای گشتی سیستەمی پێشکەشکردنی داوایە لەسەر ئاستی وڵات، کە بەو ڕێگایە بەشێوەی ناوەندی داوا پێشکەش دەکرێت بۆ خوێندنی دوای خوێندنی بنەڕەتی.  داوای گشتیی دوای خوێندنی بنەڕەتی ساڵی یەک جار ڕێکدەخرێت لە مانگی دوو - سێ دا.

### کێ دەتوانێت داوا پێشکەش بکات؟

ئەرکی سەرشانی هەموو خوێندکارانی پۆلی ٩ لە قوتابخانەی بنەڕەتیە کە داوا پێشکەش بکەن. پێویستە لەسەریان لە کاتی داوای گشتیدا لە بەهار داوای شوێنی خوێندن پێشکەش بکەن بۆ خوێندنی دوای بنەڕەتی. داوای گشتی لە بەهاردا بۆ ئەو داواکارانەیە کە پێشتر خوێندنی بنەڕەتییان تەواو کردووە بەڵام ئەمانەی لای خوارەوەیان ئەنجام نەداوە:

- بەرنامەی خوێندنی ئامادەیی (دواناوەندی)
- بڕوانامەی پیشەیی یان
- بڕوانامەی زانکۆیی

### ئەو خوێندنانە چین کە دەتوانیت داوایان بۆ پێشکەش بکەیت؟

لە داوای گشتیی بەهاردا، دەتوانیت داوا پێشکەش بکەیت بۆ ئەوپەڕی حەوت خوێندن.  داواکە لە سایتی ئینتەرنێتی Opintopolku.fi ئەنجام دەدرێت. لە هەمان فۆڕمدا دەتوانرێت داوا پێشکەش بکرێت بۆ:

- خوێندنی ئامادەیی
- خوێندنی پیشەیی
- خوێندنی TUVA
- خوێندنەکانی ساڵی پەیمانگە بۆ ئەوانەی ئەرکی خوێندنی زۆرەملێیان لە ئەستۆدایە و
- خوێندنی TELMA

لە پاش کۆتاییهاتنی ماوەی پێشکەشکردنی داوا، ئینجا دەبێت داواکار لە تاقیکردنەوەی وەرگیران یان گونجان بەشداری بکات، ئەگەر بۆ ئەو مەبەستە بانگهێشتنی بۆ بێت. تاقیکردنەوەی وەرگیران یان گونجان بۆ هەموو خوێندنەکان ڕێک ناخرێت.

بەگشتی هەڵبژاردنی خوێندکاران لەسەر بنەمای نمرەکانی بڕوانامەی کۆتایی خوێندنی بنەڕەتی ئەنجام دەدرێت. ئەنجامەکانی هەڵبژاردن لە مانگی شەش دەردەچن.  ئەگەر داواکار شوێنێکی خوێندنی پێ بدرێت، پێویستە لەسەری هەتاکو ئەو ڕۆژەی کە دیاری کراوە وەری بگرێت.  خوێندن لە پایزدا دەست پێدەکات. ئەرکمەندی خوێندنی زۆرەملێ دەبێت لە خوێندن بەشداری بکات.

## دەکرێت لە داوای ئیختیاریدا بەبێ بڕوانامەی خوێندنی بنەڕەتی داوا پێشکەش بکرێت

لە داوای گشتیدا بۆ خوێندنی دوای بنەڕەتی، دەتوانیت بەبێ بڕوانامەی دەرچوونی خوێندنی بنەڕەتیش داوا پێشکەش بکەیت. وەرگرتنی ئیختیاری بۆ خوێندن کاتێک بەکاردەهێنرێت کە ناتوانرێت بڕوانامەی قوتابخانەی داواکارەکە لەگەڵ بڕوانامەی هاوتای فینلەندی بەراورد بکرێت. ئەگەر داواکار مەرجە پێویستەکانی هەبێت بۆ تەواوکردنی خوێندنی ئاستی دووەم، دەکرێت لە داوای ئیختیاریدا بۆ خوێندنی ئامادەیی یان پیشەیی وەربگیرێت.

## گەڕانی داوای بەردەوام لە خوێندنی دوای بنەڕەتی بە درێژایی ساڵ هەیە

داوای بەردەوام لە خوێندنی دوای بنەڕەتی بە درێژایی ساڵ هەیە گەڕانی بەردەوام کاتێک بەکاردەهێنرێت بۆ نموونە داواکار شوێنی خوێندنی لە داوای گشتیی بەهاردا دەست نەکەوتبێت. لە گەڕانی بەردەوامدا، دامەزراوە پەروەردەییەکان بڕیار لەسەر ماوەکانی پێشکەشکردن و ڕێکارەکانی پێشکەشکردن و بنەماکانی هەڵبژاردن دەدەن. زانیاری لەبارەی خوێندنەکان و کاتەکانی داوا پێشکەشکردن و بنەماکانی هەڵبژاردن، دەتوانرێت لە سایتەکانی تایبەت بە هەر دامەزراوەیەکی پەروەردەیی یان لە سایتی Opintopolku.fi بدۆزرێتەوە.

**کێ دەتوانێت داوا پێشکەش بکات؟**

دەتوانیت لە گەڕانی بەردەوامدا داوا پێشکەش بکەیت، ئەگەر:

- لە داوای گشتیدا بۆ خوێندنی دوای بنەڕەتی شوێنی خوێندنت دەست نەکەوتبێت
- بتەوێت داوا پێشکەش بکەیت بۆ بڕوانامەی پیشەیی یان بەشەکانی بڕوانامەیەک
- پێشتر بڕوانامەی ئاستی دووەم یان خوێندنی باڵات تەواو کردووە، یان
- لە ژیانی کارکردندا کارامەییت بەدەستت هێنابێت.

**ئەو خوێندنانە چین کە دەتوانیت داوایان بۆ پێشکەش بکەیت؟**

لە گەڕانی بەردەوام بۆ خوێندنی دوای قۆناخی بنەڕەتی دەتوانیت داوا پێشکەش بکەیت بۆ:

- خوێندنی پیشەیی
- خوێندنی TUVA
- خوێندنەکانی ساڵی پەیمانگە بۆ ئەوانەی ئەرکی خوێندنی ئیجباریان لە ئەستۆدایە
- خوێندنی TELMA هەروەها
- بۆ ئەو شوێنانەی خوێندنی دوای قۆناخی بنەڕەتی کە لە داوای گشتیدا بە بەتاڵی ماونەتەوە، هەروەها بۆ خوێندنی ئامادەییش.

ئەگەر داواکار بۆ خوێندنەکە هەڵنەبژێردرا، دامەزراوەی پەروەردەیی ئاراستەی دەکات بۆ خوێندنێک یان خزمەتێکی دیکەی گونجاو.

## داوا بۆ خوێندنی بنەڕەتی گەورەساڵان لە ڕێگەی دامەزراوە پەروەردەییەکانەوە ئەنجام دەدرێت

داوا بۆ خوێندنی بنەڕەتی گەورەساڵان لە ڕێگەی دامەزراوە پەروەردەییەکانەوە ئەنجام دەدرێت خوێندنی بنەڕەتی بۆ گەورەساڵان لەلایەن ئامادەییەکانی گەورەساڵان و پەیمانگە میللیەکان و هەندێک لە خوێندنگە پیشەییەکان و دامەزراوە پەروەردەییەکانی دیکە ڕێکدەخرێت. دامەزراوە پەروەردەییەکان خۆیان بڕیار لەسەر کاتی پێشکەشکردنی داوا و هەڵبژاردنەکان دەدەن. زانیاری لەبارەی خوێندنەکان و کاتەکانی پێشکەشکردنی داوا، لە سایتەکانی تایبەت بە هەر دامەزراوەیەکی پەروەردەیی یان لە سایتی Opintopolku.fi دەست دەکەوێت.

# باشتر ئاشنا به

ئازایانە پەیوەندی بە ڕاوێژکارانی خوێندنەوە بکە. ڕاوێژکارانی خوێندن، کە پێیان دەوترێت (opo) ، لە قوتابخانەکاندا کاردەکەن. کاتێک پلانی خوێندنەکەت دادەنێیت، داوا پێشکەش دەکەیت بۆ خوێندنە جیاجیاکان یان بیر لەوە دەکەیتەوە کام پیشە بۆ تۆ گونجاوە، دەتوانیت ئامۆژگاری و یارمەتی لێیان وەربگریت.

هەروەها سەردانی دامەزراوە پەروەردەییەکان بکە، بۆ نموونە لەو ڕۆژانەدا کە دەرگایان بۆ هەمووان کراوەیە.

زانیاری زیاتر لەسەر خوێندنی ئاستی دووەم و خوێندنە ئامادەکارییەکان و بژاردەکانی تر پێش خوێندنی ئاستی دووەم بە زمانەکانی فینلەندی و ئینگلیزی:

**www.opintopolku.fi**

زانیاریی زیاتر لەبارەی خوێندنی ئاستی دووەمەوە بە زمانەکانی تر:

**www.infofinland.fi**

زانیاری زیاتر لەبارەی خوێندنی ساڵی پەیمانگەوە بۆ ئەوانەی کە ئەرکی خوێندنی زۆرەملێیان لە سەرە لە پرۆگرامی گەڕانی خوێندنی پەیمانگەی میللی بە زمانی فینلەندی:

**www.kansanopistot.fi/koulutukset**